# ژن لەسایەی دابونەریتە هەڵەکانی کۆمەڵگە



**کچێک: "کاتێک باوکو برای گەورە کچ ناچاردەکەن بەویستی ئەوان ژیانی هاوسەری پێکبهێنێت، ئیدی هەر لەسەرەتای پرۆسەکەوە گرفتەکان دەستپێدەکەن."**

**مامۆستایەک: "ئافرەتانی کورد نابێت دەستەوەستان دابنیشنو چاوەڕێی بڕیاری دەوروبەریان بکەن، با هەوڵی خۆیان بدەن تا جیاوازی ڕەگەزی ژیانی نەوەکانی داهاتووشمان نەتەنێ."**

**ئاینده: راپۆرتی ئەڤین محەممەد** ......................

کۆمەڵگای کوردی یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی کە بە درێژایی چەندان ساڵە گیرۆدەی کۆمەڵێک دابو نەریتی باوە کە لە دێر زەمانەوە تاکەکانی لێرەو لەوێ بە تایبەت ژنانو کچان دەبنە قوربانی ئەو یاساو نەریتە چەوتانەی کەڕۆژانە لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە کەبەهۆیەوە چەندان ئافرەت دەبنە قوربانی خواستو ئارەزوی پیاو سالارەکانی دەوروبەریان، بێ گوێدانە مرۆڤبوونی ئافرەت، و ژیانیان دەخرێتە پێناو ویستی باوکو براو مێردو کەسەکانیان، هەرچەندە ڕێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتان دەورێکی باڵا دەبینن بۆ بنەبڕ کردنی ئەو دیاردانەی لەم کۆمەڵگایەدا پەیڕەو دەکرێت.

هەرچەندە ئەوان داکۆکی لەمافەکانی ژنان دەکەن، بەڵام هەندێ جار به هۆی هێزی پیاو سالارییەوە توانای ئەو ڕێکخراوانەش لاواز دەکرێت. وەک بەزۆر بەشوودانی کچان، شیربایی، گەورە بەبچوک، ژن بەژن، ئەم دیاردانە کێ بەرپرسە لێ یان؟ قوربانیەکانی کێن؟ ئەنجام بە کوێ دەگات؟ کێ بەرپرسەو پەشیمانە لە ئەنجامەکانی؟ بڕیاردەرە سەرەکیەکانی کێن؟

ژیان ئەحمەد – خوێندکاری زانکۆ، لەم بارەیەوە وتی: "کاتێک باوکو برای گەورە بڕیار دەدەنو ئافرەت ناچار دەکەن بەزۆرو بەویستی ئەوان ژیانی هاوسەری پێکبهێنێ، ئیدی هەر لەسەرەتای پرۆسەکەوە گرفتەکان دەست پێ دەکەن، مێرد بۆ پەرەپێدانی خواستەکانیو ئافرەت یاخود ژن بۆ قوتاربوون لەو ژیان،ە چەندان کێشەو گرفت دێننە ئاراوە، لەم حاڵەتەشدا گوێ بۆ ژن ناگیرێو بەتاوانبار لەقەڵەم دەدرێت، لەم نێوەندەدا تەنها بیری ژن بەرەو خۆکوژی ئاراستە ئەبێو دواتر تەنها کەسێکیش کە پەشیمانی دەرنەبڕێت ئەوانەن کە هۆکار بوون بۆ ئەم پرۆسەیە، پەنا بردنە بەر یاساش بەهەر جۆرێک بێ دەبێتە چارەسەرێکی کاتی، چونکە ئەگەر ژن ڕووبەڕووی تەڵاقیش ببێتەوە هێشتا کەسانێک لە ماڵی باوانی هەن کە توانای چەوسانەوەو بریندار کردنی هەستی ئەو کەسەیان هەیە.

هەروەها نەرمین ساڵح، توێژەری کۆمەڵایەتی، وتی: "دیاردەی بەزۆر بەشودانی کچان تا ئەم سەدەیەش گەشەی خۆی لە دەست نەداوە، پەیڕەو کردنی ئەم دیاردەیەش دوو ئاڕاستە دەگرێتە خۆی، یەکەمیان باوکو برا کە خۆیان بە بڕیاردەری سەرەکی خێزان دەزانن دەبێ ژیانی هەر یەکێک لە ئەندامەکانی ئەو خێزانە بە تایبەت کچان لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندا بن، هەر کاتێ کەسێکیان بەشیاو زانی بێ گوێگرتن لە کچ، بڕیار دەدەن، خۆ ئەگەر هەر نارەزاییەک لە لایەن کچەکەوە دەر ببڕێ، ئەوا توشی سزاو قسە پێووتن دەبێتو ناچار بە قەبوڵکردن دەبێت لەدادگاو لەبەردەم یاساشدا هەست بە چاوێکی سورو هەڕەشەیەکی کوشندە دەکات، هەندێک جاریش دایکان هۆکارن بە دابو نەریتی کوردەواری خۆیان دەڵێن ئێمەش وابوین.. یان گوێ نەگرتن لە قسەی باوکو پشتکردنە بڕیارەکان بێ ئەدەبیەو باجەکەی گرانە!! ئاراستەی دووەمیان هەبوونی بچوکترین پەیوەندی کچ لەگەڵ کوڕدا وادەکات لە ماوەیەکی زۆر کەمدا باوک هاوسەر بۆ کچەکەی دیاری بکات، بە بیانوی لەدەست نەچوونی ئەو حەیاو عورفەی کە ژیانی تاکەکانی کوردی لەسەر بنیاد نراوە، لێرەشدا کچ جارێکی تر دەبێتە قوربانی بەبێ بوونی بەر چاوڕونیەک، هاوسەرگیری ناشاز دەکات، کەتا سەر ئێسقان ڕقی لێی دەبێتەوە، هەمیشە وەکو کەسێکی زیندانی لەدووی کەمێک ڕوناکی دەگەڕێت، ئەگەر پەنا بباتە بەر ڕێکخراوەکانی ژنان، سزاکەی سەخت تر دەبێت لەلایەن کەسو کاریەوە، ئەگەر پەنا بباتە بەر یاساش دەبێت ئەوەندەی تر ژیانی کولە مەرگی قبوڵ بکات، خۆ ئەگەر بێدەنگیش بێت ڕۆژی هەزاران جار خۆزگە بە مەرگ دەخوازێت، ئەنجامەکەشی ڕوونە لەسەر ڕووی دیوارەکان پەڕۆیەکی ڕەشی بۆ هەڵدەواسرێو بە سوتان یان خۆ کوشتن هەموو ئازارەکانی ژیان جێ دەهێڵێت، لێرەشدا خەڵکی پێیدەڵێت دونیاو قیامەتی خۆی فەوتاند، گریان بۆی گوناهە!!؟.

بەڕاستی داکوتانی ڕیشەی ئەم دیاردەیە هێندە بەهێزە هەرچەندە هەوڵی گۆڕانی دراوە، بەڵام ڕەنگە چەندان نەوەی دیکە بێنو توانای گۆڕانی بەشێکی کەمیان هەبێت، چونکە پەیوەست بوونی کۆمەڵگای کوردی بە ئەم دیاردانەوە چۆتە شادەماری پیاو سالارەکانەوە، تەنانەت یاساش هەندێجار کۆڵە لە ئاستیدا.

زانا عەلی، خوێندکار، وتی: "دەبێت بناغەی ئەو یاسایانە بگۆڕدرێت کە کۆمەڵگەی کوردی پەیڕەوی دەکات، ڕاستە زۆرێک دەنوسرێت لەسەر قوربانیەکانی ئافرەتان، بەڵام کەسێک نیە ئاوڕێکی لێبداتەوە، ئەگەر چارەسەرێکیشی بۆ دابنرێت هەرزوو لە لایەن پیاو سالارەکانەوە نەزۆک دەکرێت، لەکەدار کردنی کچانو ژنان بە چەندان بیانوی بێ بنەما. پیاوان هەوڵی دەست خستنی هەموو حەزەکانیان دەدەن بەهەر هۆکارێک بێت، بەڵام ئەگەر ئافرەتێک لەسەر بچوکترین مافی ڕای هەبێت بە بێ شەرمو نەزان لەقەڵەم دەدرێت، جیاوازی نێوان ئەم دووانە تەنها ڕەگەزە خۆ هەردوکیان مرۆڤن، لەدەقە ئاسمانیەکاندا ڕێز لە ئافرەت وەک پیاو گیراوە، ئیدی ئێمە تاکەی بە زنجیرە یەک لەدوای یەکی نەریتە چەوتەکاندا برۆین، هەموومان هەوڵی بەرپا کردنی گۆڕانی ڕیشەیی ئەم دیاردانە بدەین، تا ئەو کاتەی هاوسەنگی بۆ هەردوو ڕەگەز دەگەڕێتەوە بە کردار نەک بە قسەو گوتارە نوسراوەکان.

هەر سەبارەت بەدابو نەریتە هەڵەکانی کۆمەڵگە، شیرین ڕەسوڵ، مامۆستا، وتی: "جوانی ژیان لەوەدایە هەموومان هەبین، تێگەشتنمان بیرکردنەوەمان ڕاکانمان بە بێ ترس بەیان بکەین، بەڵام جیاوازی نێوان ڕەگەزەکانو دەسەڵاتداربوونی کوڕ لەلایەن خێزانەکانەوە دواتر ئەوەندە تەشەنە دەکات تا دەبێتە یاساو پەیڕەو دەکرێت لەکۆمەڵگەی کوردیدا، کۆمەڵێک نەریت یەخەی ژنانو کچان دەگرێت دەیانکاتە قوربانی، بەڵام گۆڕینی ئەم نەریتانە لەسەر ئاستی تێگەشتنو ڕۆشنبیری تاکەکان دەوەستێتەوە، دەبێت پێش قوربانیدان چارەسەرێک هەبێت بۆی، کۆمەڵگەی تورکو عەرەبو فارسو هەتا ئەورووپاش هەڵگری نەریتی نەخوازراون، بەڵام هێندەی چارەسەری بۆ دەکەن قوربانی بۆ نادەن، بۆیە ئەو نەریتانە بچوکبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێتو ڕەنگە بە تێپەڕبونی ڕۆژگار سفر بێتەوە. ئافرەتانی کوردی ئێمەش شانازی نیە دەستەوەستان دابنیشنو چاوەڕێی بڕیاری دەوروبەریان بکەن، با هەوڵی خۆیان بدەن خۆیان بسەلمێنن تا جیاوازی ڕەگەز ژیانی نەوەکانی داهاتووشمان نەتەنێ.

ن-ع یەکێکە لە قوربانیانی دیاردە نەخوازراوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، ئاماژەی بەوەدا: "کاتێک نەریتە چەوتەکان یەخەمان دەگرن دەبێت قبوڵی بکەین یان هەوڵی خۆ قوتار کردن بدەین، هاوسەرگیری تەنها پرۆسەیەکی کاتی نیە بۆیە دەبێت بە خواستی خۆت بێت، بەڵام کاتێک کەسانی دیکە دەبنە خاوەن بڕیار ژیانو مردن یەکسان دەبنەوە، من ماوەی ٥ ساڵە بە بێ ویستی خۆم هاوسەرگیریم کردوە، تا ئێستاش قوربانی ئارەزوی کەسەکانمم زۆر جار بیر لە خۆ کوژی دەکەمەوە، بەڵام چاوی منداڵەکانم پێم دەڵێن ئێمە مەکە قوربانی، بۆیە ناچارم لەگەڵ خەمەکانمدا ژیان بگوزەرێنم، چونکەگوناهی ئێمە تەنها ئافرەت بوونمانە لەم کۆمەڵگایەدا.

کەواتە ژن وەک بوونی هەیە، ئاواش مافی ژیانو هەڵبژاردنو دەربڕینی بۆچوونی هەیە، بۆیە پێویستە بەچاوێکی ڕۆشنو دیدێکی کراوەی شارستانیەوە ماف بەهەموو خاوەن مافێک بسپێردرێتو ژنیش ڕەمزی ئەو بەخشینە بێت.

# بۆچی منداڵان دایکیان زیاتر خۆشدەوێت؟

**دایکێک: "دایک سۆزی زۆرترە، ئەگەر دیکتاتۆریش بێت"**

**کوڕێک: "منداڵ لەکێ نزیکتر بێت زیاتر ئەو کەسە خۆشەویست دەکات لەلای خۆی."**



**ئاینده: راپۆرتی دانێر قەرەداغی** ......................

"لەکۆمەڵگەی ئێمەدا دایک زۆربەی کاتەکان لەگەڵ منداڵەکەیدا بەسەردەبات بەپێچەوانەی باوکەوە کە زۆرتر لەدەرەوەی ماڵە و کاتێک دەگەڕێتەوە منداڵەکانی نوستوون"، ئەمە وتەی ئازاد جەلالی توێژەری کۆمەڵایەتیە، بەبڕوای ئەوتوێژەرە کۆمەڵایەتیە: "منداڵ زیاتر لەگەڵ کێدا بێت زیاتر ئولفەت بەوەوە دەگرێت"، هەروەک پەندی پێشینان دەڵێت: "منداڵ بەدایک هەتیوو دەبێت بەباوک هەتیو نابێت".

توێژەری کۆمەڵایەتی شوکریە ساڵح دەڵێت: "لەبەرئەوەی دایک زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ جگەرگۆشەکەیدایە و پێداویستیەکانی بۆپڕدەکاتەوەو پەروەردەی دەکات، بەلام باوک بەهۆی سەرقاڵیەوە بەکارو باری دەرەوە بەمەبەستی پەیدا کردنی پێداویستیەکانی ماڵەوە ناتوانێت وەکو پێویست بەئەرکی باوکایەتی هەستێت"، شوکریە وتی: " دایک نابێت جیاوازی بکات بۆئەوەی دەروونی منداڵ سادەو بێ خەوش پەروەردەبێت کاتێک منداڵ گەورەبوو بۆخۆی بڕیاربدات کامیان خۆشەویسترن لەلای".

خوێندکارێکی پەیمانگا بەناوی (هیوا نەجمەدین) پێی وایە: "منداڵ لەکێ نزیکتربێ زیاتر ئەوکەسە خۆشەویست دەکات لەلای خۆی"، وتیشی: "من دایکم خۆشتردەوێت و کەسوکاری دایکم زیاتردەوێت، چونکە باوکم توڕەیە لەگەڵمان، گەر ماوەیەکی زۆریش نەیبینم بیری ناکەم، ئەو سۆز وخۆشەویستیەی دایکم پێم دەبەخشێت باوکم پێم نابەخشێت"، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد: "گەرمنداڵ باوکی لەژیاندا نەمێنێت ئەوا دایکی دەبێتە باوک بۆی، بەلام باوک ناتوانێت وەک دایک پەروەردەی دروستی بکات و خێرا ژنی دووەم دەهێنێت، ئەمەش زۆرجار خۆشەویستی باوک لەمنداڵ بێ بەشدەکات".

بەڵام خوێندکارێکی دەروونناسی بەناوی (کەمال حسەین) بەپێچەوانەوە کەسوکاری باوکی زیاتر خۆشدەوێت و باوکی دەخاتەپێش دایکیەوە، چونکە کەسوکاری باوکی زۆربەباشی ڕەفتار لەگەڵ ئەمان دەکەن، لای کەمال: "هەرکەس چەند خۆشەویستی و نزیکی دەربڕێت، ئەوەندە وەڵام وەردەگرێتەوە لەبری ئەو خۆشەویستیە"، کەمال باس لەوەدەکات لای هەندێک منداڵ ماڵی خاڵوان خۆشەویسترن لەماڵی مام، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی: "دایک فشار دەخاتە سەرمنداڵ و جیاوازی دەکات لە نێوان کەسی خۆی و کەسی مێردەکەی، تازیاتر منداڵەکانی کەسی خۆی خۆشبووێت"، ئەوەشی نەشاردەوە کەکەسی باوک زیاتر میراتگرن، ڕەنگە ئەمە هۆی ئەوەبێت، هەروەها وتی: "ئەرکی (گەنجە) ئەوجیاوازیە نەهێڵێت".

(بەیان عەسکەری) دایکی سێ منداڵە وتەمەنی ٣٤ساڵە پێی وایە: "دایک سۆزی زۆرترە، تەنانەت گەر دیکتاتۆریشبێت"، ئەوتێڕوانینێکی سەیری هەیە کەدەڵێت: "ماڵە مێردوکەسوکاری لەلادێکاندا هاوکاری دوژمنن"، پارچە بەیتێکی بۆپشتیوانی وتەکەی هێنایەوە کەدەڵێت: "دایک تەربیەی چاکە، باب لەئەسلا بێ باکە".

(دەریا حسەین)یش باس لەوەفا دەکات کەدەبێت منداڵ بۆدایکی هەیبێت، لەبەرامبەر پەروەردەکردنەکەیدا، بۆیە: "منداڵ دەبێت ئەو چاکەیەی دایکی بداتەوە"، جیاوازی ئەوخۆشەویستیەی گەڕاندەوە بۆهۆکاری (ئابووریو کۆمەڵایەتی).